**شیعری**:
**حەمەشوان شەریف**
1996-1989
**سوید - کونگێلف**
Hamashwan1@hotmail.com

# چامەی
# گـــوڵ وتـــــەرم
## ڕۆژی یەکەم

**چ ماسیەکی نەووسن بوو**
**ئاوی ڕووبارتی خواردەوە** !.؟
**چ هەورێک بوو**
**خـــوێنی ڕژان بەسەربالّای پێکەنینی نیوەڕۆتدا**
**چ خۆرێک بوو**
**بەتاو سووتانی پرچەکانی کانیت**
**چ پیاوێکی گێل بوو**
**توانی لەپەنجەرەئاسنینەکانی ئاسۆوە**
**گوڵی کچێنیت بوەرێنێ و لەژێر پێینێ** !.؟
**ئای شارەکەم**
**بیرمە وبیرم ناچێ**
**چەند ئەسپێکی توند ڕەوبویت**
**چەندباڵندەیەکی لەباڵ بووی**
**شەو نەبوو**
**ئاوەشووشەیــیەکەی کانی عاشقان نەخۆیتەوەو**
**کەمێ لای حەمەوخان دانەنیشی و**
**پاشان**.........
**کوڕەنێرکزێکت لەگوڵاڵە کچێک مارەدەکردوو**
**بارانت بەدەمیانەوە دەهێشتەوە** ..
**بەڵام ئاخ**...**ئەفسووس**
**ئەمێستا**.......
**ئەو ئەسپە توندڕەوەی جارانیت و**

نە ئەو باڵندەڕەنگ کاڵەی
بەی لەباڵ و
سەردانێکی   نالی بکەی
ئەوەتانێ
پرچەکانت سپین وەک وبەفر
باڵەکانت دوودرەختی لێ شکاون
هەنگاوەکانت
لەسێبەری دارەڕوتەکانی بن گۆمەکان دەچن
ئای  شارەکەم
با بەئاونگێک بڕژێمە سەر گۆڕتەوە
داڤنیشی
لەهەگبەی خۆشەویستی دا
چاوی مۆنالیزای خۆشەویستی لەخۆرا دەرهێنا
بەفلچەکەی دەستی
هەردوو چاوی لەنێوانی دوولێوی نا
ناڵی......
بۆحەبیبەی خۆشەویستی
خۆرو مانگی
بەئەوینی یەکتر دانا
ئەی من شیما
کچی قژ ڕەش
بووکی دزراو
دایکی گەورەم
کوڕی شیعرم
ساراو سالار
عازەبانی
ڕزگار حەسەن
ئەی من بۆکێ ؟
شیما...هەناسەی من
تاجەگوڵی چوارئاواتم
ئەی من بۆکێ
بۆئاسمانی خواو عەرزی فیرعەون
شیعری پرسەدابڕێژم

یان بۆ باران ..!..
ئاخر وەرن بڵێین
مەسیح
تەنیائێوارەیەک بەخاچەوەبوو
بۆسبەی لێان کردەوە
چۆن ......
تۆ بەو برین و زامەوە ماویتەوەو
هەڵواسراوی
بەخواجوانە !::
حکوم ڕانی هەروائەبێ
کابرایەکی کەڵەگەتی عەینەک لەچاوی شاعیرم دەناسی
ئــەیوت ڕۆڵە
حکوم ڕانی هەروابوەو...... هەروادەبێ .
من پێشبینی دەکەم
ووڵاتەم لەبەفرو
سایەقەی ساماڵ
لەئازادی و
ئەستێرەم شەل لەشەڕ
من ئێستا
شەهیدێکی زیندوم
شەهیدەکان
چی لەنوسراوەکانی سەر پەڕۆ جۆراوجۆرەکان بکات
کەتائێستا
دایکی شەهیدەکان هەر بەبەرگی ڕەشەوەن
مناڵی شەهیدەکان
لەسەر شۆستەکاندا
قۆنەرەی بەناو شۆڕشگێڕەکان
بۆیاخ دەکات............

## ڕۆژی دووهەم

ئاخر بڵێن گەل بۆ بــبــێــتە خەڵاتی ڕەنگ !
ڕەنگێ نەبی لە کوردستان لەفارگۆنا سەرناکەوی و جێدەمێنی

**شەهید**
**پەیکەرێک لەخوێن**
**جوانترین گوڵ لەهەتاو**
**تەوێڵی سەربەرزی**
**ئای شەهید !**
**چ شۆڕشێکی ئاوەژوبوو**
**چ گۆڕستانێکی بێ گۆڕبوو ونیکردی ئەی بارانی هەڵەبجە**

*   *   *   *

**دیسان سرودێ بۆ ئازادی**
**کەهیچ بەختەوەریەکی نە گەیاند**
**لەوێندەر چرۆ دەدرێت لەدارو عەشێ لەبەر پێی هەتاودا سوتانێکی خەڵوزیە**
**لەنیوەڕۆیی ڕۆژێکدا**
**زیاتر لە پێنج هەزار گوڵی دارچواله و گوڵەگەنم بەعەتری فیرعەون مردن**
**ئەڵێن ....**
**ڕێکەوت شاری دابەکۆڵیاو ئەرخەوان کۆڵانی ماتکرد**
**گەروی گەردونێک سوڕا تا بە سەرما ئێخەی سروشتێ بدڕێنێ و**
**گوڵ بەپێی خۆی بچێتە گۆڕەوە**

**ئازادی چەند خەونێکی بەتاڵە لێرە**
**لێرە..... لەم وڵاتە**
**ئاسۆ هەتیوێکی برسیە و**
**هەژاران نانی دەدەنێ تا لەبرسا نەمرێ !**
**سەختە بیر چوونەوەی سنورێ بزمار بەشوێن پێکانیدا داکوترابێ ..!..**
**خوێن عەشێ و ئازادی پڕ کرد لەڕەنگ**
**تالەسەر سەکۆکانی گۆڕەپاندا دەرکەون**
**هەتوانی زامێکە زام**
**دارستانی دارستانێکە قوڵی برینمان**
**خەممان درەختی ئەستێرەیە و لەئاوابوندا هەڵدێ**
**شارمان دەستێک بەپێکەنینەوە کوشتی**
**ک و ش ت ی کوشت ..!..**

بیرتان دەخەمەوە !.
شارەزوری لای نالی  ئاوێنەیەکە تا هەڵەبجە پرچی دابهێنێ و 3

کانی عاشقان ژوانێکی تر بڕەخسێنێ بۆ دڵداری
ئازادی
چاویلکەیەکە  کێ هەیە شیعری بێکەسی* پێنەخوێندبێتەوە .!.
سەختە بیر چونەوەی بەفرێ نەهێڵێ هەنگاوبنێی
تا گوڵ لەئەسێرەدا بڕوێنی .!.
دەمێکە ناڵێن هەمووبانی لە تاریکیدا شاردۆتەوە
نەئەو واز لەئێمە دێنێ و نە بەختیاری ئاوڕێکمان لێ ئەداتەوە.!.
ئای .. ئازارەکانی سەردەم لوولت داوین  تابیرکردنەوەمان
پڕبێ لەجۆگەلەی لێڵ  و هەنسک بەدیارمانەوە دانیشێ ..
چ ماڵوێرانیەک دەگەیەنێ
ڕێکەوت شاری دابەکۆڵیا و ئەخەوان ڕەنگی ماتکرد ...

## ڕۆژی سێیەم

ستەمە بیرچوونەوەی بیرێک تاکەمەر قوتیدابین ...
خەوتوان لە ئازادی دەدوێن و مشتیان هەر کراوەیە .!.
چەند بەختی بێبەختە
منااڵانی سنورمان  پێکەنینیان ئاوێنەیەکە لەبەرخۆرا هاوڕێکنین تا سووتان
..
لەنیوەڕۆی ڕۆژێکا زیاتر لەپێنج هەزار گوڵ و شەونم
بەشەونمی خوا مردن !..
بەبیری کێدادەهات
ڕاوکەر بێنینە سنوری هەنگ و
ماسی بدەینە دەست نەهەنگ  !..
بۆ ناڵێن  خەوتوان لەئازادی دەدوێن و موشتیان هەرکراوەیە .
حەمەوخانی گەورەبونی منالێم و شێخ سمایلی گۆڕستان
بەعەقڵی کێ ڕەوابوو دارستانێ گڕ لەخۆی بەرداو گوڵ بەچەپک بخرێتە
گۆڕەوە !.
سەردەرناکەم لەم وڵاتە
توڕەدەبم و
بـــا عازەبانی * شعرێکی نوێ بۆ هەڵەبجەی دەسگیرانی بنوسێ

کەخۆی لەنیگاری کۆڵانەکانی ڕەنگا مرد ..!
تۆ ئەڵێی چی ئەنوسێ ؟.
ڕێکەوت شاری دابەکۆڵیاو سنەوبەری زەرد بوو ، .
بەکر فەرەج ..دڵزاری سوور
هاوارتان کرد 4
تاکۆڵانەکان پڕ بوون لەقسە
تا بەردەکان بوون بەچـــاو
بە چ ا و ...
چیتان بۆ نەگێڕامەوە لەمردنا
بۆ ئەڵقە و بازنی ئەو شۆخانەدەگریان
دڵدارەکانیان عارەقەیان زۆر بۆکێشابوو
تا ببونە دەزگیرانیان .
نزار ..بەکر .. دڵزار
هەڵەبجە
جوانترین کچی کۆڵانی جولەکاکان شیرین *
من ئەو بازنانەم
لەدەستی ئەو پیاوە مل ئەستورانەدادەدی
کە ئازادیان خستبویە ناو تـــاوڵەوە ...!،.

## ڕۆژی چوارەم

باران تەوێڵی دەریا دەشوات
شەپۆل سەرلەنوێ لێڵی ڕووندەکات
سەوڵ بەڕۆخی دەریا دەچێتە خوار
لاشەی دەریا شەقار ..شەقار زامدارو لێڵ دەکات
مێژوو..
دیسان پەڕەیەکی هەڵە
لەیاداشتی بوونا تۆماردەکات
خەون
بوون لەبیر دەکات
ئازادی خۆی ئەکاتە ملوانکەیەکی بەهاو
تەنیا بەخەڵات بەگەورەپیاوەکان دەدرێ :،!
بچوک پشتاو پشت قامچی بۆماوەتەوە
ئاخر وەرن بڵێن ..

مێگەل و نێرگەل چی داوە لەخەڵاتی ڕووت
ئێمە ئەسووتێین و بۆنی سووتان ناکەین
ئەی شەهیدانی گەورەبووی پەڕەکانی گوڵ
تو ڕەدەبم و با
ڕزگار حەسەن * 5
شیعرێ بۆ دواهەناسەی هەڵەبجە بنوسێ
کەتا ئێستاش لە گۆڕا چاوەشووشەییەکەشی هەر ئەگری و هەر ئەگری
کە خۆی تفی لەوڕێکەوتە ئەکرد
تـا شیعرەکانی لەناو قەفەزەی سنگی تـــارا* دا مرد ..
من ..
پەنجەکانم گومان چەقۆی لێداوە و ئازادی داخی کردوم ..
تۆ ببینە ..
دارستانێ لەگوڵ گڕی گرت و هاواری باران ناکات
چەند ڕێکەوتە خۆڵەمێشی ئەم ڕێکەوتە بۆ با نەی برد
تا کورەی کانی عاشقان گڕی شینی لەجەستەی بەردەدا
تا چزوی ئەودووپشکە لەناو بازنەیەکی خڕی گڕاویا خۆی دەتۆپان .. !..
دیسان .....
سرودێ بۆ ئازادی کە هیچ بەختەوەریەکی نەگەیاند .
شنروێ .. شاهۆ ..بەمۆ
پریسی* بەرد وەشێن
سەری ئەم ڕێکەوتەتان بۆ هەر نەشکاند

تا پێنج هەزار باڵندەی ڕەنکاڵە
تا پێنج هەزار پێکەنینی جۆراوجۆر
تا پێنج هەزار گوڵ و تەرم
لە مەزاری بێخوایدا مردن ..

## ڕۆژی پێنجەم

نێرگزەکان گر مۆڵەبوون
مەلەکان بەدەم باوە دانەدانە وەرین
درەختەکان چڵ بەچڵ ڕووتانەوە
کانیەکان چاویان کوێر بوو
دەنگەکان کاڵبوونەوە
تەرمەکان لەگەڵ گوڵەکاندا سووتان

**دڵمان لەنیشتیمان کەوت**
**لەناو دووسنوری نیشتیمانێکی پێ خاوسدا بزربووم لەدایکم**
**کورتر بووینەوە لەپەنجەکانی سوڵتان**
**خاڵی بووینەوە لەنیوە** ..
**لاشەمان سەفەرێک بوو بۆ هیچ** 6
**چاومان لەئێوارە ڕەشتر دەیڕوانی**
**دڵمان بێلێدان**...
**دیسان سرودێک لەبێزاری** ....
**ئاخر وەرن بڵێن**
**نەورۆز بۆ کوێ بچێ ؟**!.
**کەتریفەی هەناسەکانی خەڵتانی مردن بووبێ**
**ناچار بەدەم گریانەوە بەچەقۆی خۆی کەوتەگیانی سێبەرەکەی** ..
**تاپێکەوە تفیان هەڵدا بۆ تەوێڵی میمبەرەکان**
**گوناهبوو** ....**گوناه پێش مردنی**
**پێناسەی کامەرانی بۆم جێهێڵا** ..!
**لەبەردەم من وخودا**
**بەو ئێوارە لەناو ئەستێرە مردووەکانی ئەو مەملەکەتە کپەدا**
**وەک باران لەسەر زەوی هەڵدەپەڕی** ....
.....
**جا چیمان نەدی چی ..چ ی ؟**!..

## رۆژی شەشەم

**بەدەم ئەم کۆڵەگریانەوە**
**ملی ئەم ڕێگایانە کۆی دەکردینەوە**
**سازان** ...!
**برینی ئەومنداڵە چکۆڵانەی بەخۆیان و چراکانیانەوە تلیان ئەدا**
**بۆ ئەو کەندەڵانەی بروسکەی خوا شەقی کردبوون**
**تادواهەناسەیان لە ناو ئەو گەرداوەدا بە موسیبەت بەخشی** ..!..
**عەنەب** ...!
**توولەڕێگاکانی دۆزەخ ملەقەوی**
**خەجاڵەتی ئەودایکانەی بەدووچاوی کوێرەوە**
**بەنیوەی لەشی سووتاوەوە عەوداڵ ..عەوداڵ**
**بەدەم ڕێگاوە قوڕی لێوارانەیان لەبرینی کوڕەکانیان هەڵدەسویی** ..!

لەناو ئەو حەوزە مل ئەستورەی شێخ دا
ئەو کیژانەم دەدەی پاکیزەیی خۆیان بەخشیبوو
بەو بەهەشتەی ئاواپاداشتی لەچک و نوونەییانی دایەوە
لەدەرەوەی قوتابخانەکەی ڕێی دۆزەخی ملەقەویا
ئەو پیاوانەم دەدی 7
هاواری ئەو خوایەیان دەکرد
سەریان بۆ ئەو ئاسمانە بەرز دەکردەوە
کەخۆی لەوێدا مردبوو .. !..
ڕۆحی ئەو پێخەمبەرە نازدارانەیان ڕادەوەشاند
کەخۆیان هەناسەیان خاڵی .. خاڵی و تەوێڵیان پڕپڕ لەتەریقی !.
ئەوسەیدانەیان بانگ کێشدەکرد
کەبەخۆیان و مێزەرەکانیانەوە سەرئاوی دۆڕاندن کەوتبوون
کەنەیاندەتوانی نزاکانیان بەدرەختی بەزەیدا هەڵبواسن ..!..
مۆردانە ....!
شای برینیی سوتان
جەحێلەکانی برینی هەمیشەییم دڵدارەکان تامی دڵداریتان نەکرد .
ئێوە بەو نهێنیەوە مردن
جا ئێمە چی مان نەدی چی چ ی !؟.

## ڕۆژی هەوتەم

پریس ..
دواهەنجیری تاڵترین وەرز
دوا دیداری ئەو مێرد مناڵانەی لەسەکۆکانی هەتیویدا
لەودایکانەدابڕان لەژێر دەستی چەپی گەرماو* دا مردن
تاڕادەی هەڵمبوون ....
ئەو کچە قەیرانانەم دەدەی وورد وورد لەژێر خڕەبەردەکانی نەوڕۆڵدا*
بەهێستریاوە لەگەڵ گریانێکی پێکەنیناویدا
مۆخیان بە بەردە نوژەکانەوە دەنوسا ...!.
زەڵم ....!
پردی پەڕینەوەی ڕووناکیم
بۆ بویتە تێکشکانی باڵی ناڵی و سالم
ناڵی ..بەدەم یاسین خوێندنەوەوە ئەو تەرمانەی کۆدەکردەوە
کەناسراوی حەبیبە بوون !.
ئاوی بەسەی لێوی ئەومنداڵانەدا دەپرژاند

که دوورۆژ بوو مردبون :!؛:
سالم ..بەرلەوەی جارێکی تر بمرێتەوە
ووتی :
تازە نەبڕوام بەسەبری ئەیوب ماوە و
نەیوسفیش بەم دوو زڕبرایە دەدۆزرێتەوە 8
کەخۆیان چاوی یەعقوبیان کوێرکرد !.
برایمیش لەزەلکاوی ئەم ژەهرەی بەر کەوتایە لەم شارەدا دەسووتا !:؛:
گۆرانیش .....!
شیعرێکی سریالی شکاوی دەنوسیەوەو
بێدەنگ.. بەدەم گریانەوە لەوێنەکان ڕادەما و
لە بەردەم عومەری خاوەردا نەوییەوەو نێوچاوانی کۆرپەلەکەی سوویی
لەلێوەکانی و
سێبەری جامەدانیەکەی عومەری بەکەساسیەوە
پێچا لە دڵی و بردی و
ڕۆی...ڕۆی
بەرەو باخچەی پاشاو نەهاتەوە و نەهاتەوە
نە ئەو هیچی ووت و نەمن ڕستەیەکم ڕشتە حزووری ..!..
جا من چیم نەدی
چ ی ..چی !:
لەو ملەباریکەی ڕێگای عەبابەیلێی* دادەخست !
ئەو خێزانانەم دەبینی لە شەهیدان * دا
لەگەڵ تاریکیدا تێکەڵ دەبوون
بە سەماوە ڕۆحیان ئەپرویی
ژمارەمان تادەهات کەمتر دەبوویەوە
منیش بەدووچاوی دەرپەڕیومەوە بۆ هەناسەیەک دەگەڕام
تا لەهەورو ئەستێرەی ئەم گەمەی مردنەدا قووتاربم :!
ژمارەیەک شتی ترم بینی !!!.
جا چیمان نەدی چی :!
ئێمە داستانی ئەودیرۆکانەبووین لەبەردەم
ئاگردانەکانەوەدەخوێنرایەنەوە
تاحەوتەمین شەو لەباوەشی سەرابا بووین
تا گەشتینە ئەو بەهەشتەی لەمێژە لەدووی کلیلەکەیدا دەگەڕان :!
کلیلی دۆزەخیان بەقەد ژمارەی ئێمە هەبوو

بەملی ئێمەیـــاندا هەڵواسی !
بیرمە لە دۆخەخێکەوە چوین بۆ دۆزەخێکی تر !..

## ڕۆژی هەشتەم

دیسان سرودێک بۆ ئازادی
کەهیچ بەختەوەریەکی نەڕژانە چاومانەوە !
دەڵێم
هەرچی بکەن بۆ هەڵەبجەو ئەنفال 9
ناگاتە ئەو چرکەیەیی مناڵێک لەباوەشی دایکیا گرمۆڵەبووە و مرد .!:
ئاخر بڵێن .....کێ .. کێ
هاتەدیوەخانی ئەم گریانەمان ..!
کێ ..لەم وەرزە گەڵاوەرینەماندا
گەڵای خۆی و پەڕەکانی گوڵی داینێ !.
کێ .. کێ بوو کێ ؟!
پێکەنینێکی ڕژتە دڵی تەنگمانەوە
مەراقێکی بۆ کەم کردینەوە
ئاخ ..دەرگاکان بەڕوی نێوچەوانماندا داخرابوون .
کڵۆڵی ئێخەی ڕاوەشاندبووین
لە موسیبەتی خۆمانا . نەماندی باخێک بەکراسێکی سپیەوە بێ و
شتێک . شتێک بڵێ بۆ دارو بەرد
نەماندی دارسێوێک نەوتی پەشیمانی بکاتە ژێر خۆیەوە ..!..
نەماندی .بۆنی ئاروو * و سیانید *
بەشورەییەوە قژ بڕنن و ناوی ئەو وڵاتە کارمەندانەمان
بۆ بخاتە ڕستەیەکی تەواوی ڕێزمانەوە .
نەیان توانی ڕیشکی بوونەوە بوونمان لەوشکیەوە سەوز کاتەوە ..!..
تا گومان لەمرۆڤایەتی ڕامان نەژەنێ !..!
تا لەپاڵ خاچی سووردا تف ڕۆنەکەین
نەمان دی و نەماندی
ڕۆژنامەسەرخۆشەکانی وڵاتی خۆزگەکانی یاسا
بکەونە ژێر باڵی پیرترین درەختی تاڵیمان ..!
نەماندی ..بارانێکیان دەممان تەڕکات !
بەڵام سەرما
لەناو چارۆکەی ئەو قەرەچانەدا دەیپاراستین !

**ئەو قەرەچە پیرۆزانەی ئایندە دەبینن و حەوسەڵەیان بڕی درۆ ناکات**

....

**لەمێژە** ...**دەستیان بۆخوێندبوینەوە کە**
**شووشەیەک شەرابین و نیوەمان دەڕژێ**
**کەڕۆشنایی مانگێکین و لەتێکین بەئاسمانەوە** .!.
**خەوتوان لە ئازادی دەدوێن و موشتیان هەر کراوەیە** !
**دیسان** ...**دیسان**
**شەپۆلی ئـــەنفال هەڵیکرد**
**دیسان** ..**برینی خوێن لێ ڕۆیشتووم شەڵاڵ بوو لەخوێن**
**چاوەکانم بێ دەستەڵات دەگریان** ..
**لە دوورەوە خەونم پێوەدەبینین**
**منیش ئەنفالێکم بەمانایەکی تر** !..
**ئـــەنفال** ..
**برینەکانی دڵم**
**دووهەمین داڕوخانی ئومێدی یەک قاچم**
**دڵی ئەو دایکانەی بە چاوەڕوانیەوە مردن**
**گەر نەش مردبن دەمرن** .....!
**گەڵای هەناسەکانی ئەو کچە گەرمیانیانەی**
**بەتەنافی سووڵتانەوە ووشک بوون** ..،؟!!!!!!.
**کوڕەتاقگاویەکانی ئەنـفال**
**جوانترین دڵ بـــادینان** ..
**زەردەشت کڵۆ برینەکانی ڕۆژهەڵات**
**ئازارێکی بێ هەتوانم مەهاباد** *
**دواڕۆشنای خۆزگەکانم سێوسێنان**
**تاکە ترین هاوڕێم هەڵەبجە**
**دایکی گەورەم** ....!..

## ڕۆژی نۆیەم

**لە شاشەی** TV**ی یەکی ناشیرینەوە**
**لەقوتابخانەکەی سەنغوری کولیایدا** *
**ماچم بینی ماچ** ..! **ماچ . ماچی سووڵتان** !...!
**ماچێک لەخاچ**
**ئەوماچەی برینی کردە هیوام**
**ئەو ماچەی هەندرێنی لەبەرچاوم کردەسەحرا**..

قەندیلی کەچەڵ کرد لام
داربەڕوی وشک کردبۆم
ئەو ماچەی ئێمەی بەخاچەوە هێڵایەوەو
تائێستا لەژێر ڕەشماڵی شورەیدا
لەژوورێکی ماڵی دڵما لە سوچێکی تاریکیا
لەمێژومدا بۆ ڕۆمانێکم داناوە ..!
جاریَ هیچی لەسەرنانوسم !.:
ئۆردوگاکانی غەریبیم
ناسکترین سەردەمەکانی هۆشیاریم 11
تاڵترین وەرز
مەمکەیاقوتەکانی گومان
شیعرە مردووەکانی ناو فەقیانەکانی دایکم
خۆڵی ژەهراویم
من لێرە (لەسومەیە*
ئەستێرەیەک ڕۆشنایی پێ بەخشیم
دەستێک لەگۆڕا دەریهێنام
دڵێک نیوەکەی تری تەواو کردم
چرایەکی بەچڵی شیعرەکانمەوە هەڵواسی
جوڵویەکی خستە هەنگاومەوە .
دارستانێک لەقسە
تێکشکانێ لەمردن و
ئـــەنفالێک پڕ لەکوردو
سێبەرێکی خەواڵویی خۆم لەدرزەکانی مەلاو مێزەرەوە
عەبارەشەکەیانم لاداو بۆ دوچاوی ئەستێرەکەم
وردورد باسکرد .....کەلەخەفەتا من غەرقبووم ...

لەئۆردوگاکانی دڵی منا
ئەو خێزانانەم فێردەکرد
لەڕەهێڵەی ئەم تۆفانا لەمردن و ژماردنی ئەم بارانا
دڵ و چاویان نەدەنە دەست وشک بوون ....!

## ڕۆژی دەیەم

**گوڵەکانی شانزەی سێ و**
**تەرمەکانی ئاوێنەکان و برینی وەرزێکی شکاو**
**من سێبەری ئەوخەمەگەیوانەم**
**نەبەپێکەنیین دەم و چاوم دەشۆرم و**
**نەلەخەونما بەهار دەبینمەوە و**
**نەخۆم دەدەمە بەردەم و چاوی هەتاو و**
**نەگومانی گیرفانەکانم کاڵدەبێتەوە و**
**نەدڵم نەرمە کات لێبووردن** ...!..
**ئێوە ئەو بلوێرەن مەگەر( مینە)* بەپێنج هەزار کونی سەلولەکەی بتان**
**ژەنێ** ..! 12
**مەگەر( عادل)*لە لەیلوکی شێتەکاندا ڕاتـــانژەنێ**
**مەگەر زاتی پیرۆزی مەحوی بوێرێ و بتان دوێنێ** ...!
**ئـــێـــــوە** ! 13
**ماسیەکی نەوسن ئاوی ڕووباری خواردنەوە**
**سوڵتانێکی بێ ئابڕو و**
**عەبایەکی ڕەشی زووخاو**
**لەوەرزێکی گەنجیەتیدا گەڵاکانیان تێکشکاند**
**کۆڵانەکانیان ڕاماڵی و لافاوێکی مردنیشیان**
**لەپەیکەرێکی مردو**
**لەشەڕێکی موتوربەدا سەری ئیسماعیل یان بڕی** !...!
**ئێوەش دەماودەم ئەتـان گێڕایەوە و**
**ئەتان ووت** :-
**مەلێک تۆرا**
**گوڵێک وەری**
**دارێک گریا**
**چیایەک مرد**
**خۆرێک دزرا**
**منالێک مرد**
**شارێ کۆڵی دابەکۆڵیاو لەڕێگا مرد**
**خەڵکەکەشی بوون بەخۆرو**
**بوون بە مانگ و بوون بەباران**
**بوون ب ە ب ا ر ا ن**
**بۆ کێڵگەکان** ............

ڕۆژی یانزە و دوانزە یەم
لەناو بەفری غەریبیدا  یەکە یەکە دەتواینەوە
لەناو شووشەی وڵاتێکدا گەیین .
نیشتیمانمان دوولەت بوو
چرای چاومان نیوەی کەوتە نێڵەنێڵ
ئیتر دابڕاین
لەهەناسەکانی نەورۆزو
ئێوارەقەرەباڵغەکانی ماڵەوەمان
لەهاوڕێ شیرینەکانی بەر سەکۆی ماڵی حاجی عارف* 13
دابڕاین  لەبەرد .لەئاو .
لەدووچاوی ترێی سوبحان ئاغا ..
دەنگێ هاتەناوەوە و   وتی :-
خەوتوان لەئازادی دەدوێن و مشتیان هەر کراوەیە  !
دەنگێ بەرزتر لەئێمە وتی :!-
لەژێر سایەی ئەم درەختە زڕەدا
بژی ئەو ڕەنگانەی چڵە نێرگزەکانیان شکاندو
دایانە دەم بـــــایەوە ..
بژی ئەوکورسیانەی بەرزترن لە باڵای جوانی یاسا
با بمرێ نیشتیمان و
با بمرێ خەڵک و ئەستێرەی خەونەکان ...

من و ئێوە .... دڵتەنترین وەرزمان وەرزی شەڕە
وەرزی شەڕ
سەرمان وردەگەڵاوەریوەکانی ساڵەکانەو
لاوازی دەستی شەڕین .
دڵمان لەپێکە لەبزمار
ڕۆحمان بەرپێی دوریەو
لەنێوانی نیشتیمانێکی زوخاودا
لەتووپەت بووین.....
لەدەمی پاساریەکانەوە ئاهێک دەبیسترا !
لەدەمی برا شەهیدەکانەوە دواڕۆژ
لەدەمی خوشکەکانەوە وێرانەخاک

لەدەمی باوکانەوە وەرزێک لەخوێن
لەدەمی خۆمەوە (سامۆئیل بێکتین) و
لە گۆدۆی چاوەڕوانیدا دەمرین ..دەم ری ن .!.

## ڕۆژی سیانزەیەم

لە سایەی هەناسەکانی دواڕۆژێکی ڕووناکدا
خەوم بەتریفەو مانگی لەتەوە دەبینی
بەو ئەستێرانەی تۆزقاڵێک تروسکاییان ڕشتبوویە ناو تاریکیمەوە
بەو ئێوارانەی خۆری هێڵابویەوە
بەوشاخە ماتانەوەی بروسکەش نەیدەجوڵانن ..
خەوم دەبینی 14
بەوتەرمانەی نەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خەولێکەوتووم
بەو خێزانانەی دایکیان چاویان پڕبوو لەبێزاری و
هەڵوەرین لەچاوەڕوانیدا و 15
نەگەیشتنەوە بەبینینی کوڕو کچی ئەنفالیان :!.
بۆیە لەخەونمدا ئەم گۆرانیەم ووت :
ساڵانێکە زۆرتینوو بووم بۆ ئازادی کوردوستانم
دارستانی دڵی منیش شەپۆلیـــــەدا بۆ کەنــــارم

دارم سووتا مــــەلم تۆرا .خۆزگەم گریا بۆ بەهارم
هەردووچاوم هەڵوەریبوون بۆ بەهەشتی داروخاووم

کوردوستانم قیبلەنومای چاوەکانی خۆرهەتاوم
من بەبێ تۆ ماسیەکم خۆم نادەمە دەست نەهەنگم

ســـــا نیە بیگێڕمەوە ئەم دیرۆکە ماڵ وێرانەم
ئەم ئــــەنفالە سەرابەی من خنکانێ بوو بۆ شارێکم

لەهەر کوێ هەن ئەی کوردینە پەیامەکەم پێتان ئەڵێ
چوارڕیانەکەم لەئاسمانی ئازادیدا لەنگەر دەگرێ

وەک و کۆتر لەباڵئەدا و بەئاسۆیدا بەرزبەرز دەفڕێ
ڕاناوەستێ تینووی نابێ لەگەڵ خۆیدا ئاشتی دێنێ
ئاشتی دێنێ .

## ڕۆژی 14-15-16ی مانگ

لەسایەی مردنی دوو ڕەنگەوە
ژورێ گەڵا دەبنە کێل و
دەبنە ئاسمانێکی داخراوی بێ پێکەنین
ئەستێرەی پەنجەکانی ئەم بایەی من
مل دەسوون لەچەقۆی گیرفانی گومان
هاوڕێ ..هەڵوەریوەکانی سەفەرم
دارستانی چاوەکانی زەریبیم دوودارلقی شکاون
دووبەردی سوری ژێرلمینن 15
لە وڵاتێکەوە
دەنگم بولبولی قەفەزی ژورێکە و
بەستەڵەک هەناسەی بەستووم
کاتژمێری دڵم دووخولەکی لاداوە لەبارانی تەمەن
تاڤگەی شەپۆلی نیگەرانیم لە نێو باوەشی هەورا ڕێدەکات
چەند ڕوبارێ چەند جۆگەلەی ئاوی چاوی وڵاتێ گوڵ ئاودەدەن
تا ڕەنگی ڕەنگ بن ..
نا ببوورن
ڕەنگی ڕەنگ و ڕەنگی ڕەنگ
دوڕەنگی ناشیرین نەبوون بۆ شیعرەکانم
بەڵام ئەمێستا ..
ڕستەکانم دەشێوێنن
ئەم ڕەنگانە تابووتێکی نەووسن بوون
لەمەملەکەتی هەورمدا
لەهەورەوە ترس و لەمنەوە کەنارێ قوڵ
لەمنەوە گوڵەگەنمی چاوەڕوانی
تا لەئەستێرەی بەفرا گوڵ دەڕوێ !
لە بارەکیاوە تادوادێ
خۆر لەدیوەخانی لێڵبووندا دانیشتووە و
پێکەنین لە دوکانی مردندا
شیرینی بەمنداڵان دەفرۆشێ !
مۆم لەنێو سەری تاریکیدا دادەگیرسێ و
گوڵ لەنێو مشتی باراندا دەڕوێ !

هۆ ..دوو کورسی بۆش و
دوو ورگی تێر !...!
ئێوە خەوتوی ژێر باڵی هۆبەن
چاوتان ناکەنەوە
تابیدەنە هەتاوی ئەم سەرمایە
ڕۆحتان نادەنە بەرسێبەرو
دەستان ناکەنە کلێتەی هەتاوی هەتاو
ئێوە بێدەنگ دەمرن !!!
وەک گوڵی ژوورەکەم تاجێم هێڵا بۆ هەناسەدەمرن :! .
دەستم لەبرینی ئەو وڵاتە هەڵناگرم 16
بە خوێن دەڕشێمەوە
تاگۆڕی هاوڕێکانم دەدۆزمەوە .
پرسەی هەڵپەڕین لەشادی گریاندا
دەکەمە گوڵی دەست خانی و پێ یدەڵێم :
بیبات بۆ گۆڕی زین .!
دارستانێ تفەنگ لەنێو ڕووبارێکی قووڵدا دەشارمەوە
تا نەهەنگ لەزمانی ماسیم نەگات
گوڵ لەسەر دەریا دەڕوێنم !
لێ و پۆپی گوڵ ناشکێت بەرەهێڵەو تەرزە
ئەگەر گوڵ بێت ..!
یا هەر تۆ ئاگات لێـیبـێت ..
ئەڤین دڵی بە بارانەوەیە
منیش لە بـــــا*ی هاوڕێم
سنورێ شوێن پێکانی بەدەست دەسڕی
تاوێنەی ڕەنگ
لەسەر پشتی دەریا نغرۆ بکات
کەچی ئەم ئانوحانە نغرۆنابن ..!..
لێت تێناگەم
دەم دەم تەمەن دەدەیتە بەر گڕو
دەم دەم تەمەن دەدەیتە باران و
چیمەنی سەرتان بۆنی چی نادا ...! ها
بیرتان دەخەمەوە ...!
مناڵانی هەڵەبجە ..سێوسێنان ..بادینان ..زەردەشت

قەراغی برین ..باوکتان
هەر بەبۆنی سێو و سیانید نەمرد !؟.
چۆن بونەوە بەقوربانی دارستانی
سیاند و سێو و ئەنفال !؟.
هەگبەی شانم نامەتان بوو
وەک ئاوێنەی ئەستێرەیەک
دام بەبەردی ناوچەیەکی ئەو خەرەندەی*
ئەیوب سەبری تێداناکاو خۆی دەکوژێ .
دەستان مەخەنەژێرچەنە
مێژوی سنورتانم بەبەفر نووسیوە 17
قورئان ڕێنادات بۆبارانی بخوێنمەوە
چرام داوە لەپێنج لق و بەزمانی گەل نوسیومە
هەتاوی ژێردەریا نامرێ ..!..
کەچی تاریکی ڕێم پێنات بۆ هەتاوی بنوسمەوە
بەڵگەنامەم پێیە بەبروسکەی هەورا بۆتانی دەنێرم
تـــا لەوێندەر
شەپۆل گۆڕ بۆ کەنەر لێداو تاڤگەش بۆ تەم
نامەی بەخێر هاتنم بە با دا ناردووە
بۆ ئاو ..بۆ خۆر ..
بۆ باران ..بۆ تاریکی
لەم چامەیەدا دانیشن
بەمناڵانیشم ووتوە
بە ڕووتی لەبەر باراندا سەمای زۆربا بگێڕن
بە دایکانیشم وتوە
بچنە سەر گۆڕی شەهیدەکانیان و
عیسا ئاسا فوو بەگەرویاندا بکەن
تا زیندوودەبنەوە
بە وشۆڕشگێڕانەش دەڵێم
وەرن ئەو مەدالیایانە وەر گرن
لە ناو ئەو دولیستەیەدا بەعسی نەبوون .....!:::!

*پەراوێزەکان و ڕونکردنەوە و بەکار هێنانی ناوێکی زۆر لەم چامەیەدا لەیەکەم ڕۆژەوە تا شانزەیەم ڕۆژی هەڵەبجە .(ملەقەوی .پریس .نەورۆڵ. مۆردانە.حەمەوغان. عەبابەیلێ. کانی عاشقان .باغچەی پاشا .زەڵم .سەکۆی حاجی عارف. گەرماو .دەکەونە سەرو خواری هەڵەبجەوە .

**نەورۆز چایچی** : ئەو زاتە پیرۆزە بوو لە دوای مردنی ماڵو مناڵەکانی بە ژەهر ی ئەو ڕۆژە. بەهیستریاوە بە چەقۆ خۆی کوشت .

**دڵزار -بەکر -نزار-جەلال عازەبانی -ڕزگار حەسەن -سالار و سارا** ڕوەتی ئەدەبوو هونەری ئەو شارەبوون

کە لەناو ڕەنگەکانی ژەهری ئەو ڕۆژەدا مردن .

- زۆر بەی کارەساتەکانم بەچاوی خۆم دیوە و وەک ئازار بەدڵمەوەیە و لە دڵی باوک یشما سێ کۆتری هەناسەی سپی لەو شارەدا بە ناو ژەهرا فڕین .
- هونەی ئەم چامەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1989-1996 .چوار ڕۆژی ئەم چامەیە لەساڵی 1992-1993 لە فیستیڤاڵەکانی هەڵەبجەدا خوێندومەتەوە .
- دەستکاری کۆتایی چامەکە کراوە لە ساڵی 2004 .